# راگەیاندن

## کۆمیتەی بەرپاکردنی مەراسیمی 8 مارس لە شاری کەرکوک پێك هات!!

کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن لە بەرواری10\2\2007 دا لەشاری کەرکوك کۆبوونەوەیەکیان سازدا بۆ بەرپاکردنی مەراسیمی 8 مارس لەشاری کەرکوك.

لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەیەك پێکهات بەناوی "کۆمیتەی بەرپاکردنی مەراسیمی 8 مارس" بۆ ریزگرتن لەرۆژی 8 مارس رۆژی خەبات و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەدژی نایەکسانی و ستەم و چەوسانەوە لەسەر ژنان.

بەم بۆنەیەوە ئێمە هەڵدەستین بەرێکخستنی مەراسمی رێزلێنان لە 8مارس لەشاری کەرکوك و بانگەوازی سەرجەم ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و لایەنگرانی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو دەکەین پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی ئەم کۆمیتەیە بکەن.

هەروەها بانگەوازی گشت حزب رێکخراوە مەدەنی و ئازادیخوازو کرێکاری و سۆشیالست وماڵ پەڕ و کەسایەتیەکان دەکەین پاڵپشتی مادی و مەعنەوی لەم کۆمیتەیە بکەن. لستی ناوی ئەو کەسایەتی و رێکخراوانەی کە پشتیوانی لەم کۆمیتەیە دەکەن بۆ ئەنجام دانی کارەکانی لەبەیانەمەیکدا ڕادەگەیەنین.

ئەم کۆمیتەیە هەوڵێکە بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بۆ گۆڕینی رۆژی هەشت مارس بە پشوی ڕەسمی لەسەراسەری عێراقداو بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافە مەدەنی و دەستوریەکانی تری ژنان .

**کۆمیتەی بەرپاکردنی مەراسیمی 8 مارس لە شاری کەرکوك**

**2007 / 2 /22**

**ئەدرەسی ئەلکترۆنی:**

azadyzhin@yahoo.com